# دۆزەخستان

## ( دۆزەخی ئێمە بەهەشتی ئەوانیترە )



ن/ حسن حسين

**کێ ئەڵێت ئێرە دۆزەخ نیە ، ئەی ئەوە نیە هاوینان جەستەمان وەك مۆم دەتوێتەوە و زستانیش لەزەمهەریردایین؟..ئەی ئەوە نیە ئادەمیەکان هیچ خۆزگەوخواستێکیان نەماوە،خۆزگەکان هیچیان سەوزنەبون وخواستەکانیش بەدینایەن بۆیە مرۆڤ ناچاربووە دەستبەرداریان بێت؟.. کێ ئەڵێت ئێرەدۆزەخ نیە، ئەی ئەوەنیە لەبەرامبەر ئەو هەمووبێدادیەدا ئەگەر کۆیلەکان نوزەیەکیان لێەوەبێت دەستبەجێ خواوەندی دەسەڵات جامی غەزەبی خۆی بەسەریاندا دەڕێژێت و وەك تیرۆریست ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکات؟هەڕەشەی زیندان وسزاو دەستشکاندن وبگرە خوێن حەڵاڵ کردنیان لێدەکات؟..ئەی ئەوەنیە بەبەرچاومانەوە قرچەقرچ جەستەی ژنان دەسوتێت وهەنجن هەنجن دەکرێت؟.. ئەوەی ئەڵێت ئێرە دۆزەخ نیە بەتەنهاو بەتەنها بەرپرسان و فیرعەونەکانی شەریکیان و قەڵەم بەدەستە گرگنەکانیانن ، ئەوانەی کەبەوپەڕی چاوقایمیەوە داوامان لێدەکەن هەرلایەنە سلبی وڕەشەکان نەبینین وشتە گەش وئیجابیەکانیش باس بکەین ،دەڵێن ڕاستە ئێمە خۆمان دانیپێدادەنێین کە گەندەڵین بۆیە پێویست ناکات هێندە باسی گەندەڵی بکەن چونکە ئەمە داهێنان نیە، بەڵام ئەم ئیعترافەش نە فەزیڵەتە و نەهەڵقوڵاوی گیانی دیموکراسی ،بەڵکو ئەمە بێ چاو وڕووییە کەدەسەڵاتێك بڵێت بەڵێ گەندەڵیشم وبەڵام هەردرێژە بەدەسەڵاتی خۆم و ئیدارەکەم دەدەم و هاوڵاتیانیش بۆیان نیە دەنگ هەڵبڕن،بەڕاستی ئەمە تەنها دەکرێت بەهەتك کردنی هەست و غروری کۆمەڵگا ڕاڤە بکرێت.**

**ڕاستە ئێرە بەهەشتە بەڵام تەنهالەو بەهەشتەدەچێت کە قانع لە هۆنراوەی (خەوێك لە دەروونما ) باسی دەکات.چونکە هەردوو ئەم بەهەشتە حیکایەتی مرۆگەلێك دەگێڕنەوە کە دۆزەخیان بەنرخی بەهەشت پێ فرۆشراوە و لەوەهمی بەهەشتدا دەژین . مرۆ کاتێك لە خەونەکەی قانع بێدار دەبێتەوە ئاهێکی پێدا دێتەوە بەڵام مرۆی سادە لەوەهمی بەبەهەشتکردنی کوردستاندا ڕۆژانە خەریکی ئاه هەڵکێشانە بۆ ئەو درۆ گەورانەی کەلەگەڵیدا دەکرێت،درۆی ئازادی وعەدالەت،درۆی خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی .. ڕاستە ئێرە بەهەشتە بەڵام بەهەشتێك کەلەبەدبەختی دەسەڵات پەنجەرەیەکی هەیە وهاوڵاتیە دۆزەخیەکان ،هاوزمانەکانیان ،کەزۆرینەی کۆمەڵگان، لەدۆزەخەکەیانەوە سەیری دەکەن وبۆیان نیە بچنە ناوی چونکە بەرنەفرەتی خواوەند کەتون ، خواوەندی عەدالەت و ئازادی ، خواوەندی ئاسودەیی وخۆشگوزەرانی..**

نزیکەی نیوسەدەیە بزووتنەوەی کوردایەتی سیاسەت بە دۆزەخێکەوەدەکات کەدەوڵەتی ئێراق بۆ هاوڵاتیانی کوردی داخستووە، 40 -50 ساڵی ڕەبەقە ئەم بزووتنەوەیە مزگێنی هاوردنی پرۆژەیەکی بەهەشتی دەداتە تاکی کورد، لەم پێناوەدا ڕووبارێك خوێن ڕژا ، هەزاران کەس خۆیان کردە قوربانی و، بەرەو کوشتارگاکان وزۆرانبازی لەگەڵ مەرگدا ملیان نا، بەڵام دواجار هاوڵاتی کورد لەودۆزەخەوە هاتە نێو وەهمی بەهەشتێکەوە، هاتە نێو دۆزەخێکیترکە بەتابلۆیەکی بەهەشتی ڕازێنراوەتەوە ،تابلۆی سەیرانگا و پارکەکان و مسواگی نێو بازاڕەکانی دوبەی وگەشتی شەرم الشیخ وگەشتە بەناو زانستی و بازرگانی ودیبلۆماسیەکانی هاوڵاتیە پلە نایابەکان بۆ هەر چوارلای جیهان وهاوڵاتیە بەرنەفرەت کەوتوەکانی دەسەڵاتیش لەبەردەمیدا وەستاون و هەرسەیر کردنیان لەسەرە..

کێئەڵێت ئێرە دۆزەخ نیە، ئێرە لەپلە هەرە سەختەکانی دۆزەخە،دۆزەخ لەبیری ئاینیدا هیچ منداڵێکی تێدا نیە ، بەڵام ئێرە پڕە لە منداڵی ڕەش داگەڕاوی ژێر گەرمای هاوین وکارکردن، منداڵانێك کەنازانن پشوی هاوین وویك ئێند چیە چونکە نیانە، منداڵانێك کەسەیرانگا و پارکەکان پێنازانن وبگرە بەهۆی بێ کارەباییەوەشانسی ئەوەشیان نیە کە لەتەلەفزیۆنەکانەوە سەیری بکەن... کێئەڵێت ئێرە دۆزەخ نیە ؟ ئێرە لەو دۆزەخەی کەلەبیری ئایینیدا باس دەکرێت سەختترە، چونکە دۆزەخ لەئایندا سزایەکی خواوەندە بۆ بەندە سەرپێچیکەرەکان لەفەرمانەکانی ئەو بەڵام خۆ دەیان ساڵە هاوڵاتی ئەم وولاتە ملکەچ و دڵبەستە و وابەستەی بزووتنەوەی کوردایەتیە و هەر بەو هۆیەشەوە ساڵانێکی زۆر لە نێو دۆزەخی بەعسیەکان و سەلەفەکانیاندا سووتا کەچی هەتا ئێستاش هەر لەجهنم وبئس المصیردایە، دۆزەخ لەبیری ئاینیدا ئەگەر بۆ یاخی بووان بێت ئێخۆ تاکی کورد ئەوەندە دەستەمۆی دەسەڵاتی کوردیە کەبەو بەهەشتە وەهمیەش قایلە کە ڕۆژانە خەون وخۆزگە و خواست و ئومێدەکانی تێیدا هەڵدەفڕێت وهێشتا هەردرود دەنێرێت بۆ خواوەندی دەسەڵات . بەڵام ئەگەر لەبیری ئاینیدا ملکەچ بوونی مرۆ بۆ فەرمانەکانی خواوەند بەبەهەشتی بگەیەنێت ، ئەوا لە کۆمەڵناسیدا بەپێچەوانەوە ملکەچ بوونی تاك بۆ دەسەڵات قەڵەمڕەوی دەسەڵات فراوانتر و زنجیرەکانی دەست وپێی تاکیش توندتر دەکات، واتە بەهەشتێك بۆ دەسەڵات و دۆزەخیش بۆ هاوڵاتیان وکۆمەڵگە بەدی دەهێنێت، ئەو بەهەشتەی کەبەدەیان دیکتاتۆر وستەمکاری لە مێژوودا خولْقاند. ئازادی وعەدالەت هەرگیز بە بێدەنگ بوون وملکەچ کردن نایەتەدی تەنها بەدەنگ هەڵبڕین لەبەرامبەر بێدادی ویاخی بوون لە ستەمکاری مرۆ دەگاتە مەملەکەتی خۆشنودی ،لەکاتێکدا ئێمە بەبێدەنگی وسەرکزیش هەر مەحکوم بین بە دۆزەخ،ئیدی بۆچی یاخی نەبین لە بێدەنگیمان و یاخی نەبین لەو دۆزەخەی کەتێیداین؟.. یاخی بوون گۆڕان نەك هەر لە شێوازی ژیانمان بەدی دێنێت بەڵکو گۆڕانێکی زۆر گرنگتر لە بیرکردنەوەو دەروونماندا دروست دەکات ئەویش هەستی ئینتمایە ، واتە یاخی بوون دەتوانێت هەستی ئینتیمامان ،جا ئینتیما بۆ کۆمەڵگای ناولێ ئەنێن یان بۆ نیشتمان ،بۆ بگێڕێتەوە ، ئەو هەستەی کە بەعس بە 23 ساڵی تەمەنی حوکمڕانی لە کوردستاندا نەیتوانی لێمان بسەنێتەوە بەڵام ئەم دوو حزبە لە ماوەی ئەم 15 ساڵەی دەسەڵاتیاندا توانیان ئەو کارە ئەنجام بدەن . سانایە کە مرۆ بۆ خۆدزینەوە لەبەرپرسیارێتیەکان و ئاسودە کردنی ویژدان وخەیاڵی خۆی بڵێت ئەم دووحزبە لەبەردەم مێژودا بەرپرسیار دەبن چونکە بەتەنها دیوێکی ڕاستیەکەی درکاندوە و دیوەکەی تری ئەم ڕاستیە زۆر قورسترە وپێویستی بە جورئەتە چونکە پێویستە نیوەی بەرپرسیارێتیەمێژوویەکەبخاتە سەرشانی خۆی. دەسەڵات چەندە بەرپرسە لەبەرامبەر بە کردەوەکانی ئەوندەش کۆمەڵگا بەرپرسە بەوەی کە بێلایەن بووە یاخو ئەکتیڤ نەبوە لەدروستکردنی مێژووی خۆیداو هەڵوێستی نەبووەو دەسەڵاتی ڕانەگرتووە و لەبەرامبەر کردەوەکانیدا کاردانەوەی نەبووە واتە هێندەی بەرپرسیارێتی یەکێتی و پارتی، کۆمەڵی کوردی بەتایبەت دەستەبژێرەکەی ، لە سیاسی وڕۆشنبیر و خوێندکار وهونەرمەند و خەڵکی هوشیاری کۆمەڵگا، لەژێر باری ئەو بەرپرسیارێتیە دەرناچن. ئایا وەڵامی ئێمە بۆ پرسیارەکانی نەوەکانی دوای خۆمان، بە پرسیارەکانی ئایندەمان چی دەبێت ، کاتێك لێمان دەپرسن کێ تاوانی ناپەیوەستەگی ئێمەی لە ئەستۆیە؟ ....

دواجار هەڵەیەکی قورسە گەر دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی لەنێو دەسەڵاتە تۆتالیتێریەکانی ناوچەکە ئاوارتە بکەین و پێمان وابێت ئەم دەسەڵاتە لەخۆیەوە، یان تەنها بەنووسینی ووتارو لێکۆڵینەوە بەرەو دیموکراسیەت ، یاخود دەستەبەر کردنی مافەکانی هاوڵاتیان و .... دەڕوات . سنووردانان بۆ دەسەڵاتی حزب و حکومەت و دەسەڵاتی ڕەهای سەرکردە وبەرپرسەکان ، بە ووشەی قەبەقەبە و وتاریڕازاوەی پڕلە دەستەواژەی بێهەڵوێست ئەنجام نادرێت ، بەڵکو کاری جیدی دەوێت، هاتنە سەرجادەو مانگرتن وخۆپیشاندانی دەوێت، تەنانەت جۆرێك لە ڕیسکی دەوێت ، چونکەئەمە سایکۆلۆجیای هەمو دەسەڵاتێکە ، وئەلفوبێی تێگەیشتنە لە دەسەڵات ، کەهەرگیز بەخۆشی خۆی مل بە گۆڕان نادات وکاتێك لێی دەپرسیتەوە و دەتەوێت سنوورێك بۆپێ لێراکێشانی دابنێیت بەرامبەرت دەوەستێتەوە و هەڕەشەی سزادان دەکات ،کەوایە ئەمە ڕیسکە ، هاووڵاتیان ئەمەیان بەتەواوی ئەزمون کردوە لەگەڵ دەسەڵاتی کوردیدا . گۆڕانکاری بەبێ پرۆژەی جیدی بۆ گۆڕان، بەبێ یاخی بوون وڕیسك کردن جگەلە وەهم هیچی تر نیە، وەهمێك کەتەنها دەمانباتەوە بۆ دۆزەخ .......

hasan**0156**@yahoo.com